# وەقایعی كوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (٢٥٤)سالی بیستەم ٣١/ ئاب /٢٠٢٠/ زاینیی ٩/ گەلاوێژ / ٢٧٢٠ / كوردی ١٢/ موحەرەم / ١٤٤٢ كۆچی

**254**


## لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی كوردستان** ل ١

قبووڵكردنی دەست لەكاركێشانەوەی (سۆران عمر سعید) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان

**پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠٢٠ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢

پەیڕەوی لكاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی كوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلایەتی** ل ١٣

تایبەت بە دەستەبەری كۆمەلایەتی بۆ كرێكاران

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٥

تایبەت بە هەمواركردنی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٧

**بەیانی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی كوردستان** ل ١٦

تایبەت بە راستكردنەوەی هەڵەیەك لە دیباجەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧

**بەیانی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی كوردستان** ل ١٧

تایبەت بە راستكردنەوەی هەڵەیەك لە دیباجەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧

**بەیانی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٨

تایبەت بە ڕێگری كردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (كۆرۆنا)

**بەیانی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٢

تایبەت بە مەرجەكانی هاوردەكردنی ئۆتۆمبێل

**بەیانی ژمارە (٤٦)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٦

تایبەت بە ڕێگری كردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (كۆرۆنا)

**بەیانی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٧

تایبەت بە گۆڕینی ناوی گوندی (كانی مردوان) بۆ (كانی مەردان)



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٥٤) السنة العشرون ٣١/ أب/ ٢٠٢٠ ميلادي ٩ / گەلاویژ / ٢٧٢٠/كوردي ١٢/ محرم /١٤٤٢ هجري

254

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


## في هذا العدد:


**قرار رقم (٧) لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان – العراق** ص ٢٨

قبول استقالة السيد (سۆران عمر سعيد) من عضوية برلمان كوردستان

**نظام رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٢٩

نظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة في إقليم كوردستان-العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم(١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية** ص ١٣

**تعليمات رقم(١٧) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ١٥

**بيان لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان – العراق** ص ١٦

**بيان لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان – العراق** ص ١٧

**بيان رقم (٤٤) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ١٨

**بيان رقم (٤٥) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ٢٢

**بيان رقم (٤٦) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ٢٦

**بيان رقم (٤٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ٢٧



No. 254 Date: August , 31 , 2020 Vol.: 20

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٧**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٠/٧/٢٧**

**بڕیاری**
**ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پشت بە حوکمی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم**: قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (سۆران عمر سعید) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.
**دووەم**: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٠/٧/٢٧ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٤٦٩٠ لە ٢٠٢٠/٨/١٦**

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٣٧)، و بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) بۆ ساڵی ١٩٨٠ هەموارکراو، و بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

## پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠
## پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

### بەشی یەکەم
### پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم:** پێناسەکان:
مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە ئەم مانایانەیە کە لە بەرامبەریاندا هاتووە:

**یەکەم/ هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم/ وەزارەت:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێم.

**چوارەم/ بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**پێنجەم/ هۆبەی چاودێریی جێگرەوە:** هۆبەکە تایبەتمەندە بە بەدواچوونی چاودێریی جێگرەوەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکان.

**شەشەم/ خێزانی جێگرەوە:** ئەو خێزانەیە کە منداڵێك بەخێو دەکات کە لە ڕووی بایەلۆجییەوە منداڵی خۆی نییە، بەڵام ئەرکی پاراستن و چاودێری و پەروەردەکردنی جێگرەوەی دەگرێتە ئەستۆ، (و پێکدێت لە پیاو و ژن یاخود ژن بە تەنها ئەگەر جیا بووبێتەوە، یان بێوەژن، بە مەرجێک خاوەنی شیاویی یاسایی تەواو بن).

**حەوتەم/ منداڵ:** هەر کەسێکی سروشتی کە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.

**هەشتەم/ چاودێریی جێگرەوە:** دابینکردنی داواکارییەکان و پێداویستییەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و گەشەکردنی لەلای خێزانی جێگرەوە، لە بری خێزانی بایەلۆجی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**نۆیەم/ ڕێککەوتنی چاودێریی جێگرەوە**: بریتییە لەو ڕێککەوتنەی کە واژۆکراوە لە نێوان داواکار و بەڕێوەبەرایەتی کە بابەتەکەی چاودێریی منداڵە.

**دەیەم/ گرێبەستی سپاردنی منداڵ**: بریتییە لەو گرێبەستەی کە واژۆکراوە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی و خێزانی جێگرەوە سەبارەت بە سپاردنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی چاودێریی جێگرەوە بریتییە لە دابینکردنی جۆرەها چاودێری بۆ ئەو منداڵانەی کە چاودێریی خێزانی دەیانگرێتەوە و پەروەردەیەکی دروست بکرێن و قەرەبووی ئەو هەست و سۆزەیان بۆ بکرێتەوە کە لە دەستیان داوە لە میانەی دابینکردنی ژینگەیەکی خێزانی جێگرەوە.

**ماددەی سێیەم: جۆرەکانی چاودێریی جێگرەوە بە گوێرەی ماوە:**

ماوەی چاودێرییەکە (مانەوەی منداڵ لەلای خێزانی جێگرەوە) دابەش دەبێت بۆ ئەم ماوانەی خوارەوە و لە ڕۆژی ئیمزاکردنی گرێبەستی پێسپاردنی منداڵەوە ئەژمار دەکرێت:

**یەکەم: سپاردنی کتوپڕ**: کە ئەوپەڕی تا (٦) شەش مانگە.

**دووەم**: **سپاردن بۆ ماوەیەکی کورت**: زیاتر لە (٦) شەش مانگ بۆ (٣) سێ ساڵ.

**سێیەم**: **سپاردن بۆ ماوەیەکی درێژ**: زیاتر لە (٣) سێ ساڵ تا تەواوکردنی تەمەنی هەژدە ساڵی.

**چوارەم**: خێزانی جێگرەوە بۆی هەیە بەردەوام بێت لە کەفالەت و چاودێریکردن ئەو منداڵەی لەژێر چاودێرییایەتی تەنانەت دوای تەواوکردنی (١٨) هەژدە ساڵی تاوەکو تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی بەرایی یان هاوسەرگیری ئەگەر مێ بوو، بە مەرجێک بە گوێرەی ڕێککەوتنێک بێت لە نێوان خێزانی جێگرەوە و ئەو کەسەی کە لەژێر چاودێریی ئەوان دایە و بەڕێوەبەرایەتییش ڕەزامەندی لەسەر بدات.

## بەشی دووەم
## مەرج و پێوەرەکان

**ماددەی چوارەم**: مەرجەکانی پێویست بۆ گرتنەوەی (شمولکردنی) منداڵ بە چاودێریی جێگرەوە بریتیین لە:

**یەکەم**: کێشەی خێزانی هەبێت یاخود چاودێریی دایك و باوك یان یەکێکیانی لەدەست دابێت بە هەر هۆیەك، و نەبوون یان لەدەستدانی شیاویەتی دایك و باوك، یان هەر هۆیەکی دیکەی گونجاو کە ببێتە هۆی دابڕان و بێبەشبوونی منداڵەکە لە چاودێریی پێویست.

**دووەم**: تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر بێت.

**سێیەم**: مانەوەی لە یەکێك لە خانەکانی دەوڵەت تایبەت بە بێ باوکان بۆ ئەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەرایەتی دیاری دەکات پێش لکاندنی بە خێزانی جێگرەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم**: ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە خێزانی جێگرەوە:

أ- عێراقی بن و دانیشتووی هەرێم بن.

ب- ناسراو بن بە ڕابردوو و خوڕەوشتی باش.

ج- ئەندامانی خێزانی جێگرەوە نەخۆشی گواستراوەیان نەبێت بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی پزیشکیی فەرمی کە لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکیی تایبەتمەند و باوەڕپێکراو دەرچووبێت.

د- توانای بەخێوکردنی منداڵ و دابینکردنی خزمەتی چاودێریی جێگرەوەی هەبێت بە نیازپاکی.

هـ- توانای دابینکردنی ماڵی گونجاوی هەبێت لە ڕووی دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بە تەواوی پێداویستییەکانەوە.

و- دەبێت تەمەنی ژن و مێرد، یان ژن ئەگەر بە تەنها بوو، لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ زیاتر بێت.

**دووەم**: بەڵگەنامەی پێویست بۆ پێشکەشکردن:

أ- داواکاریی واژووکراو لەلایەن ژن و مێرد بەیەکەوە، ئەگەر هەردووکیان لە ژیاندا بن یان ئەوەی کە مافی پێشکەشکردنی هەیە.

ب- ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی زانیاری، یان کارتی نیشتمانی.

ج- ڕاپۆرتی پزیشکی دەرچووبێت لە لایەنێکی پزیشکیی پسپۆڕ و باوەڕپێکراو.

د- نووسراوی پشتگیریی ئاسایش.

هـ- بەڵگەنامەی بێتاوانی.

و- بڕوانامەی دەرچوونی پێشکەشکاری داواکە لە خولێکی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتی بەخێوکردنی منداڵە پێسپێردراوەکە.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتە و تایبەتمەندییەکان

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم**: وەزارەت هەڵدەستێت بە پێکهێنانی هۆبە لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، بە ناوی (هۆبەی چاودێریی جێگرەوە) و پێکدێت لە:

أ- بەرپرسی هۆبە: دەبێت فەرمانبەر بێت و بڕوانامەی زانکۆیی بەدەستهێنابێت بە هەمان پسپۆڕی و، شارەزایی لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت لەم بوارە.

ب- توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە ژمارەیان بە گوێرەی پێویستی کار دیاری دەکرێت و ڕاهێنانیان پێدەکرێت لە بواری چاودێریی جێگرەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ژمارەیەکیان تەرخان بکرێن بۆ کارکردن لەگەڵ خێزانی جێگرەوە (پێشکەشکاری چاودێریی جێگرەوە) بە مەرجێك بۆ هەر توێژەرێك نابێت ژمارەی خێزانەکان زیاتر بن لە (١٥) خێزان.

٢- ژمارەیەکیان تەرخان بکرێن بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لەلای خێزانی جێگرەوە (سوودمەندان) داندراون، کە نابێت لە (١٥) منداڵ زیاتر بن.

٣- دەکرێت توێژەری کۆمەڵایەتی ڕابسپێردرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەیەك خێزان و منداڵانی ڕاسپێردراو بە مەرجێک نابێت توێژەرەکە کۆکردنەوە بکات لە نێوان خێزانی جێگرەوە و ئەو منداڵەی کە چاودێری دەکەن.
ج- ژمارەیەك لە فەرمانبەران کە توانا و بڕوانامەکانیان دیاری دەکرێت بە گوێرەی پێویستییەکان و سروشتی کار و قەبارەی.

**دووەم**: هۆبەی چاودێریی جێگرەوە ئەم تایبەتمەندیی و ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:
أ- وەرگرتنی داواکارییەکان و تۆمارکردنیان و هاوپێچکردنی سەرجەم بەڵگەنامە داواکراوەکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و نووسینی ڕاپۆرتی کۆتایی دەربارەیان، لەگەڵ پێشنیاری بەرزکردنەوەی بۆ لیژنەی چاودێریی جێگرەوە کە پێکهێنراوە بەگوێرەی ماددەی(حەوتەم)ی ئەم پەیڕەوە.
ب- پێشکەشکردنی زانیاریی تایبەت بە چاودێریی جێگرەوە بۆ داواکاران.
ج- ئەنجامدانی ڕاهێنان بەو خێزانانەی کە داواکارییان پێشکەشکردووە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکان و پەروەردەکردنیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری ژیان بۆیان.
د- لەخۆگرتنی تۆمارەکانو دۆسیەکانی تایبەت بە خێزانی جێگرەوە و ئەو منداڵانەی کە پەیڕەوەکان دەیانگرێتەوە و پاراستنی نهێنییەکانیان.
هـ- ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ خێزانە جێگرەوەکان و ئەو منداڵانەی کە پێیانسپێردراوە ،و سەرپەرشتیکردنیان بۆ زانینی ڕادەی پابەندبوونیان بە بەڵێنەکانیان، و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو و پێویست بۆ ئەو کێشانەی کە دەبنە بەربەست لە پێش ڕاهاتنی لەگەڵ ژینگەی نوێ، و بەدواداچوونی بەردەوام بۆیان.
و- سەردانیکردنی منداڵ لە قوتابخانە و هاریکاریکردن لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەست بە چاودێریکردنی بۆ بەدواداچوون و ڕێنماییکردن و دەستنیشانکردنی کێشەکانی،و چارەسەرکردنی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسەکانی.
ز- پێداچوونەوە بە پلانی چاودێریی تایبەت بە خێزانی جێگرەوە و منداڵ.
ح- بوونی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ خێزانی ڕاستەقینەی (بایلۆجی) منداڵ و پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بۆی و بەردەوامبوونی پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکەیان ئەگەر بەرژەوەندی منداڵەکە پێویستی کرد.
ت- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێشکەشکاری داواکردنی منداڵ، و پەیوەندیکردن بە لایەنەکانی پەیوەندیدار و ڕێکخراوەکانی پسپۆڕ لەم بوارە و پیاوماقوڵانی ناوچەکە، بۆ دڵنیابوون لە زانیاری پێشکەشکراو و هەڵوەستەکردن لەسەر شیاویان و توانایان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لە سەرجەم بوارەکاندا.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم**: لیــژنەیەك پێكدەهێنــدرێت بە بڕیــاری بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی بە نــاوی (لیــژنەی چــاودێری جێگــرەوە) بــۆ چاوپێخشــاندن و بڕیــاردانی کۆتــایی لەســەر داواکــارییە پێشکەشــکراوەکــان و ڕەوانەکراوەکان لەلایەن هۆبەی چاودێری جێگرەوە، و پێكدێت لە:

أ- بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی سەرۆك

ب- بەرپرسی هۆبەی چاودێری جێگرەوە جێگری سەرۆك

ج- فەرمانبەرێكی یاسایی ئەندام

د- نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەندام

هـ- بەرپرسی هۆبەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەندام

**دووەم**: لیــژنەکە سکرتێــری دەبێــت کە بەڕێــوەبەری چــاودێری کــۆمەڵایەتی دەستنیشــانی دەکــات، و هەڵدەســتێت بە یەکخســتنی بەڵگەنامەکــان و نووســینەوەی کۆنووســی کۆبوونەوەکــان و ئەنجامدانی پێڕاگەیاندنەکان و هەموو کارێکی پەیوەندیدار بەو کارە.

**سێیەم**: لیژنە مافی هەیە پەیوەنـدی بکـات بە هەر کەسێك کە بە پێویسـتی دەزانێت، و گفتوگۆکردن لەسەر کاروبارەکان لەگەڵ کەس و لایەنە باوەڕپێکراوەکان.

**چوارەم**:

أ- لیــژنەکە دەســەڵاتی هەیە لەســەر پێــدانی ڕەزامەنــدی یــان ڕەتکــردنەوەی داواکــاریی خێــزان و دەستنیشانکردنی هۆیەکان و گەڕاندنەوەی داواکارییەکە بـۆ هـۆبە هـاوپێچ لەگەڵ ڕاسپاردەکان، و تەمەن و ڕەگەز و ماوەی مانەوەی منداڵ لای خێــزانەکە بە ڕێككەوتنـی هەردووال دیاریـدەکرێت، و پێویستە بارودۆخی منـداڵ و تەمەنـی ڕەچـاو بکرێـت لە کـاتی پێسـپاردنی بە خێــزانی جێگـرەوە، وەك: ڕەچاوکردنی هەبوونی گەنج لە هەمان ڕەگەز و نزیک لە تەمەنـی ئەو منداڵەی کە بە خێزانـی جێگرەوە ڕاسپێردراوە، و ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی هۆبەی چاودێری جێگرەوە دەبێت.

ب- دەبێــت لیــژنەکە لە مــاوەی مانگێــك لە وەرگرتنــی داواکــارییەکە بڕیــاری لەســەر بــدات، لەگەڵ هاوپێچکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن.

ج- لە کاتی پێدانی ڕەزامەندی لەسەر داواکـارییەکە، ڕێككەوتـنەکە واژوو دەکرێـت لەلایەن خێــزان و بەڕێوەبەرایەتی، کە نموونەیەکی تـایبەت هـاوپێچە لەگەڵ ئەم پەیـڕەوە، و لێــرەدا پێشکەشـکاری داواکە بە گوێرەی ئەو ڕێككەوتنە دەبێتە خێزانی جێگرەوە.

د- لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکەی خێـزان، ئەوا بۆی هەیە تانە بدات لە بڕیاری ڕەتکـردنەوەکە بەپێــی حوکمەکـانی یاسـای ئەنجـومەنی شـوورای هەرێـم ژمـارە (١٤)ی سـاڵی ٢٠٠٨ی بەرکـار یـان هەر یاسایەکی دیکە کە شوێنی دەگرێتەوە.

**پێنجەم**: لیژنە دانیشتنەکانی خۆی دەکات بەپێی پێویستی کارەکە.

## بەشی چوارەم
## ڕێکارەکان

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم**: ڕێکارەکانی ئامادەکردن و گونجاندنی خێزانی جێگرەوە:

أ- پێشکەشکردنی داوا لەلایەن خێزان.

ب- ڕوونکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە خێزانی جێگرەوە بۆ پێشکەشکاری داوا.

ج- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ هۆبەی چاودێری جێگرەوە.

د- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خێزان.

هـ- ڕاهێنان و شیاندنی خێزان پاش وردبینیکردن و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندن.

و- بەرزکردنەوەی داواکاری و بەڵگەنامەکان بۆ لیژنەی چاودێریی جێگرەوە بۆ چاوپێداخشاندنەوە و بڕیاری کۆتایی لەسەر مامەڵەکە.

ز- لە کاتی پێدانی ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکە، ڕێککەوتن واژوو دەکرێت لە نێوان خێزان و بەڕێوەبەرایەتی.

**دووەم**: پاش واژووکردنی ڕێککەوتن لە نێوان خێزان و بەڕێوەبەرایەتی، هەڵبژاردن و ڕادەستکردنی منداڵ ئەنجام دەدرێت بۆ خێزانی جێگرەوە بە گوێرەی نموونەی گرێبەستی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە کە هاوپێچکراوە لەگەڵ ئەم پەیڕەوە، و دواتر هۆبەی چاودێریی جێگرەوە هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بە گوێرەی ماددەی (شەشەم)ی ئەم پەیڕەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر هۆبەی چاودێریی جێگرەوە خولی ڕاهێنان بکاتەوە بۆ خێزانی جێگرەوە بە مەبەستی شیاندن و پێدانی زانیاریی تایبەت بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵی ڕاسپێردراو لە ڕووی پەروەدەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و گشت بوارەکانی ژیان، و هەروەها پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ خێزانەکان بۆ پێدانی ئامۆژگاری و یارمەتی هونەری و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و کەمکردنەوەی ئاستەنگەکان کە دووچاریان دەبێت لە کاتی سەردانی مەیدانیدا.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پابەندە بە خەرجکردنی بڕی پارەی مانگانە ( ٢٠٠٠٠٠ ) دوو سەد هەزار دینار بۆ خێزانی جێگرەوە بۆ چاودێری منداڵ کە تەمەنی لە خوار شەش ساڵانە، و بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان زیاترە بە درێژایی ماوەی چاودێریکردن.

**دووەم**: ڕێـژەی (١٠ %) لە سـەدا دە لەو بـڕە پـارانەی کە لە بـڕگەی (یەکەم)ی ئەم مـاددەیەدا هـاتووە لە حیسابی منداڵ لە یەکێك لە بانکەکانی میـری دادەنرێت.

**ماددەی یازدەهەم:**

**یەکەم**: پێویسـتە لەسـەر خێـزانی جێگـرەوە ڕەزامەنـدیی بەڕێـوەبەرایەتی وەربگرێـت لە کـاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك لە بارودۆخی منداڵی ڕاسپاردراو، وەك: ئەنجامـدانی نەشـتەرگەری بـۆ منـداڵەکە یـان گـۆڕینی قوتابخـانەکەی یـان هاوسـەرگیری یـان هەر بارودۆخێـك کە پەیوەنـدیی بە خێزانـی جێگـرەوە هەبێـت وەکـو گواسـتنەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوون یـان سـەفەرکردن بـۆ دەرەوەی هەرێم.

**دووەم**: خێزانی جێگرەوە بە بـێ ڕەزامەنـدیی بەڕێـوەبەرایەتی مـافی ئەوەی نیـیە منـداڵەکە ڕادەسـتی خێـزانی ڕاستەقینەی خۆی بکاتەوە یاخود بیدات بە خێـزانێکی دیکە.

**سێیەم**: خێزانی جێگرەوە بۆی نییە منداڵەکە بخاتە دایەنگە لە ماوەی یەکەم ساڵی وەرگرتندا.

**چوارەم**: پێویسـتە خێـزانی جێگـرەوە ئاگـاداری بەڕێـوەبەرایەتی یـان نزیکتـرین بـنکەی پـۆلیس بکـات لە حاڵەتەکـانی: هەڵاتـن یـان ونبـوون یـان مردنـی منـداڵەکە، یـان هەر حـاڵەتێکی تـری هاوشـێوەی پێویست.

**ماددەی دوازدەهەم:**

بەڕێوەبەرایەتی مافی هەیە کۆتایی بە ڕێککەوتنی ڕاسپاردن بهێنێت کە واژووکراوە لەگەڵ خێـزانی جێگرەوە پێش تەواوبوونی ماوەکەی لەو بارودۆخانەی خوارەوە:

**یەکەم**: پێشێلکردنی مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چـاودێریی جێگـرەوە لەلایەن خێـزانی جێگـرەوە، هەروەهـا پابەنـدنەبوونی بە بەڵێنەکـانی کە لە گرێبەسـتی ڕاسـپاردندا هـاتووە پـاش ئاگادارکردنەوەیـان و هۆشـداریکردنەوەیان بـۆ یەکجـار ئەوەش بە ڕاسـپاردەی هـۆبەی چـاودێری جێگرەوە ئەنجام دەدرێت.

**دووەم**: پێشکەشـکردنی داوا لەلایەن خێـزانی جێگـرەوە و بە ئارەزوومەنـدبوونیان بە کۆتاییهێنـانی گرێبەستی ڕاسپاردن بە هەر هۆیەك بێت.

**سێیەم**: پێشکەشکردنی داوایەك لەلایەن خێـزانی ڕاستەقینە بـۆ لە خـۆگرتنەوەی منـداڵەکەیان ئەوەش بە ڕاسپاردەی هۆبەی چـاودێری جێگـرەوە پـاش نەمـانی ئەو هۆکـارانەی کە بـوونەتە هـۆی دانـانی منداڵ لە خانەی میری بە جۆرێك کە بەرژەوەندیی باڵای منداڵ پیادە بکات.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی سێزدەهەم:**
وەزارەت بەردەوام دەبێـــت لە چـــاودێریکردنی منـــداڵ و تازەپێگەشـــتووان کە دووچـــاری هەڵوەشاندنەوەی خێزانیـی بوونەتەوە و یـان بـاوک یـان دایـک یـان هەردووکیـان لەدەست داوە، و دابینکردنی بارودۆخی تەندروست بۆیان وەک قەرەبوویەک بۆیـان بەرامبەر بە ئەو هەست و سۆزە خێـزانییەی لەدەستیان داوە. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەت بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی خانەی میـری لە سەرانسەری هەرێم و دابینکردنی گشت پێداویستییەکانیان و ژمارەی تەواوی فەرمانبەران و کارمەندان بە گوێرەی ئەحکامی دەروازەی (سێیەم) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەمووارکراو.

**ماددەی چواردەم:**
**یەکەم**: کار بە هیچ تەشریعێکی لاوەکی ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم پەیڕەوە.
**دووەم**: وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆی هەیە ڕێکاری پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم پەیڕەوە دەربکات.
**سێیەم**: ئەو پەیـــڕەوە جێبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕێکەوتـــی بڵاوکـــردنەوەی لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی (وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## پاشکۆی ژمارە (١)
## ڕێککەوتنی چاودێریی جێگرەوە

ڕێککەوتنی نێوان بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی و کاندید بۆ خێزانی جێگرەوە:
پشتبەست بە حوکمەکانی یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو، و پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠، لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێککەوتین:

**لایەنی یەکەم** : بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی ........................

**لایەنی دووەم** : کاندید بۆ خێزانی جێگرەوە .............................................

لەدوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە ئامادەسازکردنی خێزانی جێگرەوە و پێشکەشکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان و دەرچوونی لایەنی دووەم لە خولی تایبەت، ڕەزامەندی درا لەسەر کاندیدکردنی ئەم خێزانە بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی جێگرەوە.
وە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە:

١- پێویستە تەواو پابەندبن بە حوکمەکانی یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو، و پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ئەو ڕێنماییانەی پاڵپشت بەوان دەرچوون.
٢- **لایەنی یەکەم** پابەند دەبێت بە سپاردنی منداڵ لە لای **لایەنی دووەم** لە کاتی بوونی منداڵی گونجاو.
٣- **لایەنی دووەم** پابەند دەبێت بە ئاگاداركردنەوەی **لایەنی یەکەم** لە کاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان لەدەستدانی هەر مەرجێکی پێویست بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی جێگرەوە یان نەمانی نیازیان لە وەرگرتنی منداڵەکە و چاودێریکردنی.
٤- **لایەنی دووەم** پابەند دەبێت بە بەشداریکردن لەو خولانەی **لایەنی یەکەم** سازیان دەکات بۆ گونجاندنی منداڵ لەگەڵ خێزانەکە.

| **لایەنی دووەم** | **لایەنی یەکەم** |
| --- | --- |
| ................. | بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی |

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**گرێبەستی سپاردنی منداڵ لەلای خێزانی جێگرەوە**

پشتبەست بەحوکمەکانی یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو، و پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بەخێزانی جێگرەوە لەهەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠، لەسەر ئەمانەی خوارەوە رێککەوتین

**لایەنی یەکەم**: بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی ........................................

**لایەنی دووەم**: خێزانی بەڕێز........................ و هاوسەرەکەی ..................................

ژمارەی خێزانی جێگرەوە لەلای هۆبەی چاودێریی جێگرەوە (            ).

هەردوولایەن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێککەوتن لەسەر سپاردنی منداڵ و بەخێوکردنی بە کۆدی (        ) لە دایکبووی (            ) رەگەزی (        ) لەلای خێزانی جێگرەوەی سەرەوە.

**یەکەم**: **لایەنی یەکەم** رەزامەندی دەدات لەسەر سپاردنی منداڵی ئاماژەپێکراو لە لای **لایەنی دووەم** پاش پەسەندکردنی لیژنەی چاودێریی جێگرەوە بەمەبەستی چاودێریکردن و بەخێوکردنی بەپێی پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠.

**دووەم**: **لایەنی دووەم** پابەند دەبێت بە بەخێوکردن و چاودێریکردنی ئەو منداڵەی پێیان سپێردراوە و تەواو گرنگی پێبدەن (بەگوێرەی توانایان) لە رووی پاراستن و چاودێریکردنی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونی و خۆدوورگرتن لە دووچارکردنی بۆ سەرجەم شێوەکانی توندوتیژی و بەکارهێنانی ئەو کۆمەکەی بۆیان دابینکراوە لەلایەن لایەنی یەکەمەوە بۆ بەرژەوەندیی منداڵەکە.

**سێیەم**: **لایەنی دووەم** بەهەماهەنگی لەگەڵ **لایەنی یەکەم** هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی (پلانی بەخێوکردن)ی منداڵەکە و بەدواداچوونی لە رووی سەردانی مەیدانی بۆ خێزانە جێگرەوەکان و منداڵەکان، و سەرپەرشتیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدواداچوونی بەردەوام لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان بۆ منداڵی سپێردراو.

**چوارەم**: **لایەنی دووەم** پابەند دەبێت بە پێڕاگەیاندنی **لایەنی یەکەم** لە روودانی هەر گۆڕانکارییەکی (کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان دەروونی، ... هتد).

**پێنجەم**: **لایەنی دووەم** پابەند دەبێت بە رێگەدان بە خێزانی بایۆلۆجی بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکەیان هەبێت بەرەزامەندی **لایەنی یەکەم** بەو شێوەیەی هەرەباشترین بەرژەوەندیی منداڵەکە دەستەبەر دەکات.

**شەشەم**: نەمانی گرێبەست: گرێبەست لەم حاڵەتانەی خوارەوە نامێنێت:

١. هەڵسانی **لایەنی یەکەم** بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لەکاتی پێشێلکردنی **لایەنی دووەم** بۆ بەندێکی ئەم گرێبەستە ئەویش لە دوای یەکجار ئاگادارکردنەوەی.

٢. لە حاڵەتی لەدەستدانی یەکێك لەو مەرجانەی پێویستن لە **لایەنی دووەم** بهێنەدی.

٣. لە حاڵەتی پێشکەشکردنی داواکارییێك لە لایەن خێزانی بایۆلۆجییەوە بۆ دووبارە لەخۆگرتنەوەی منداڵەکەیان، لەدوای هەڵسان بەو ڕێکارانەی پێویستن و ڕەزامەندی **لایەنی یەکەم**.

٤. لە حاڵەتی پێشکەشکردنی داواکارییێك لە لایەن **لایەنی دووەمەوە** بۆ کۆتایی پێهێنانی گرێبەست لەبەر هەر هۆکارێك بێت لەدوای ڕەزامەندیی **لایەنی یەکەم**.

**حەوتەم**: دەکرێت ماوەی گرێبەستەکە لەدوای کۆتاییهاتنی بۆ ماوەیەکی دیکە درێژبکرێتەوە لەسەر داواکاری **لایەنی دووەم** و بەرەزامەندی **لایەنی یەکەم**.

**هەشتەم**: ماوەی سپاردنی منداڵی ئاماژەپێکراو لەلای خێزانی جێگرەوە (        ) لە ڕێکەوتی (        ) دەستپێدەکات و لە ڕێکەوتی (        ) کۆتایی پێدێت.

**نۆیەم**: پێویستە ڕەچاوی هەرەباشترین بەرژەوەندیی منداڵەکە بکرێت لە گشت ئەو ڕێکارانەی لەم گرێبەستەدا دەقیان لەسەرکراوە.

**دەیەم**: ئەم گرێبەستە هەردوولایەن واژوویان کرد لە ڕێکەوتی (              ).

| **لایەنی دووەم** | **لایەنی یەکەم** |
|---|---|
| خێزانی جێگرەوە | بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی |

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارەی: ١٩١٩ لە ٢٠٢٠/٧/٢٢**

بەپێی حوکم وبڕگەکانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ ، وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٦٨٦) لە ٢٠١٩/١٠/٢٧ ، ئەو ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران**

**ماددەی (١):- پێناسەکان**

مەبەست لەو زاراوە ودەستەواژانەی خوارەوە ، ماناکانی بەرامبەریەتی بۆ مەبەستی ئەو ڕێنماییە :

**یەکەم** : **یاسا** : یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩) ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٢) .

**دووەم : ئەنجومەنی کارگێری** : ئەنجومەنی کارگێری خەزنەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران .

**سێیەم : بەرێوەبەرایەتی گشتی** : بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**چوارەم : بەرێوەبەرایەتی** : بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان .

**پێنجەم : پرۆژە** : پرۆژە موڵەت پێدراوەکان لەلایەنی پەیوەندیدار .

**شەشەم : لیژنەی پشکنین** : لیژنەی پشکنینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم** : دەبێت خاوەنکارەکان زانیاری ڕاست ودروست بە لیژنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بدەن سەبارەت بە کرێکارانی پرۆژەکانیان .

**دووەم** : بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا گشت رێککارە بەرکارەکان ئەنجام دەدات بۆ دەستەبەرکردنی پرۆژەکان .

**ماددەی (٣):**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەستۆپاکی بەو پرۆژانە دەدات کە بڕیاری دەستەبەریان بۆ دەرکراوە و قەرزار نین .

**دووەم :** ئەو خاوەنکارانەی کەوا قەرزارن و ناتوانن بەیەك جار قەرزەکانیان بدەنەوە ، دەتوانرێت قەرزەکانیان بۆ بکرێت بە پشك (قسط)ی مانگانە بە مەرجێك رێژەی (٥%) لە کرێی مانگانەی کرێکار پێشەکی بدات ، لەو حالەتەدا سزای دواکەوتن دەوەستێت .

**سێیەم** : لەکاتی پابەند نەبوونی خاوەنکار بەدانی پشکەکان (أقساط) ، ئەوا سزای دواکەوتنی لێ وەردەگیرێت .

**چوارەم** : لەکاتی نەمان و هەڵوەشاندنەوەی موڵەت کە پێشتر بەر ئەحکامەکانی یاسا کەوتووە دەبێت شایستە داراییەکانی بدات وپاشان ئەستۆپاکی پێ بدرێت .

**پێنجەم** : ئەو پـرۆژانەی كە داوای ئەسـتۆپاكی دەكەن بەمەبەسـتی پاكتـاوكردن ، بەهێنـانی بەڵگەنـامەی فەرمی لەلایەنی پەیوەندیدار یان راپۆرتی پشكنین بە نەبوونی چالاكی، ئەستۆپاكییان پێ دەدرێت

**ماددەی (٤):**

**یەكەم** : كاتێك بەڵێندەر پرۆژەیەكی پێ دەسپێردرێت ، پێویستە بە لایەنـی كەم پـێش **(٣)سێ** رۆژ لە دەست پێكردنی كارەكەی زانیاری تەواو لەسەر نـاو و ناونیشـان و شـوێنی كـارەكەی وتێچـووی پرۆژەكە وكرێكارەكانی پرۆژەكە بداتە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی .

**دووەم** : ئەو لایەنەی پـرۆژەكە دەداتە كۆمپانیـا بـۆ جێبەجێكردنـی ، دەبێـت تەواوی زانیـاری رەوانەی بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی بكات وەك (ناوی خاوەنكار ، ژمارەی كرێكار و زانیـاری لەسەر كرێكارەكان و كرێی مانگانە وهی تر...) .

**سێیەم** : وەزارەتی دارایی وئابووری ئاگاداری گشت گەنجینەكـان دەكـات كە هـیچ پێشـینەیەك خەرج نەكرێت بۆ كۆمپانیاكان تاكو ئەستۆ پاكی لەبەرێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی وەردەگرێت .

**چوارەم** : ئەو كۆمپانیـا و بەڵێنـدەرەی كەوا كـاری (بیناسـازی و دابینكردنـی كەل وپەل وئـامێر یـان هاوشێوەی ئەو پرۆژانە) بەپێی راپۆرتی پشكنین ، ستاڤی بەردەوامی پرۆژەكە دەستەبەر دەكرێن.

**ماددەی (٥):**

لەكاتی فرۆشتنی پرۆژەیەك ، دەبێت خاوەنكاری یەكەم ئەستۆپاكی لە بەرێـوەبەرایەتی دەسـتەبەری كۆمەڵایەتی وەربگرێت و دیاریكردنی بەرپرسیاریەتی بۆ خاوەنكاری دووەم .

**ماددەی (٦):**

گشت وەزارەت وفەرمانگەكانی نەبەستراو بە وەزارەت ئاگاداری گشت فەرمانگەكانیان دەكەن لەكاتی واژووكردنی هەر گرێبەستێك ، وێنەیەك رەوانەی بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی بكرێت بـۆ ئەوەی بریاری دەستەبەری كۆمەڵایەتی بۆ دەربكرێت .

**ماددەی (٧):**

ئەنجومەنی كارگێری بریار لەسەر هەر حالەتێكی بەدەر لەوانەی لەو رێنماییە هاتوو دەدات .

**ماددەی (٨):**

لەكاتی بوونی هەر ناكۆكیەك لە جێبەجێكردنی یاسا ورێنماییەكان ، ئەوا دادگای كار لەهەرێم یەكلایی دەكاتەوە .

**ماددەی (٩):**

كار بەو رێنماییە دەكرێت لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) .

**كوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە :٥٢٥٦ لە ٢٠٢٠/٨/٢٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و دوابەدوای ڕێنمایمان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٧ و ئاماژە بەنووسراوی لقی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان / سلێمانی تایبەت بە زیادکردنی کرێی گواستنەوەی پارەی نێوان هەولێر بۆ سلێمانی بریارماندا بە هەموارکردنەوەی رێنمایی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە :

- هەموارکردنی خاڵی چوارەم لقی (أ) لە رێنمایی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە :

**چوارەم** : گواستنەوەی پارەی نەختینە لە نێوان پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان :

| ژ | ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی | ٤٠٠٠٠ دینار |
| ٢ | خەزنەدار | ٥٠٠٠٠ دینار |
| ٣ | شوفێر | ٤٠٠٠٠ دینار |
| ٤ | پۆلیس | ٣٥٠٠٠ دینار |

- ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١ بەدواوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە :١٤٨٤ لە ٢٠٢٠/٨/١٦**

**بەیان**

پشت بە حوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ـ وەقایعی کوردستان) و، لەبەر بوونی هەڵەیەك لە دیباجەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ (یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق)، بە هەردوو زمانی (کوردی و عربی)، بەپێویست زانرا هەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە.

**دەقە هەڵەکە بەزمانی کوردی بەم شێوەیە:**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، وبەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧ بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

**دەقە ڕاستەکە بە زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧ بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

**دەقە هەڵەکە بەزمانی عەرەبی بەم شێوەیە:**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، واستثناءاً من احكام القانون رقم (١) لسنه ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٣) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/١٢/١٧ تشريع القانون الآتي:

**دەقە ڕاستەکە بە زمانی عەرەبی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٣) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/١٢/١٧ تشريع القانون الآتي:

**منى نبى قهوچى**
**سكرتێری پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە :١٤٨٥ لە ٢٠٢٠/٨/١٦**

**بەیان**

پشت بە حوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی ـ وەقایعی کوردستان) و، لەبەر بوونی هەڵەیەك لە دیباجەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ (یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق)، بە هەردوو زمانی (کوردی و عربی)، بەپێویست زانرا هەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە.

**دەقە هەڵەکە بەزمانی کوردی بەم شێوەیەیە:**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، وبەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢) ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

**دەقە ڕاستەکە بە زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢) ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

**دەقە هەڵەکە بەزمانی عەرەبی بەم شێوەیەیە:**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، واستثناءاً من احكام القانون رقم (١) لسنه ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/١٢/٦ تشريع القانون الآتي:

**دەقە ڕاستەکە بە زمانی عەرەبی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/١٢/٦ تشريع القانون الآتي:

**منى نبى قهوچى**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٠٣٤٥ لە ٢٠٢٠/٧/٢٣**

**بەیانی ژمارە (٤٤) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە
(٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١-٤٢)
تایبەت بەرێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و دوابەدوای کۆبوونەوەی لیژنەی وەزاری بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ٢٠٢٠/٧/٢١و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** بەرەچاوکردنی ئاسانکاری زیاتر بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کاری رۆژانە و پێویستیان هەیە ، ڕاگرتنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان بەردەوام دەبێت .

**دووەم:-** رێگەپێدان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی سیستەمی رێگەپێدانی ئەلیکترونی دەبێت کە لەسەر وێب سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە ناونیشانی (moi.gov.krd) دانراوە و هاووڵاتیان دەتوانن داوای رێگەپێدان بکەن بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لەو سیستەمە دیاری کراوە و پێدانی رەزامەندی ڕێگەپێدان لە دەسەڵاتی پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت و پێویستە ئاسانکاری بکرێت بۆ هاتووچۆی هاووڵاتیان بەپێی ئەو سیستەمە .

**سێیەم:-** پەرلەمانتارانی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا و پەرلەمانتارانی عێراق کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستان ڕێگەپێدراون بەهاتووچۆکردنی نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بەڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان ، وپەرلەمانتارانی کوردستان ڕێگەپێدراون بە هاتووچۆکردن لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان .

**چوارەم:** هاتووچۆی دیپلۆماتکارانی بیانی و هێزی هاوپەیمانان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ڕێگەپێدراوە .

**پێنجەم:** هاتووچۆکردنی ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) ورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان رێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە رادەسپێردرێت بۆ ئاسانکاری و پێدانی رێگە پێدان بۆ هاتووچۆکردنی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .

**شەشەم:-** رێگەپێدانی کۆمپانیاکانی پەیوەندییەکان و کۆمپانیاکانی نەوت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ/ بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن و وەزارەتی سامانەسروشتیەکان .

**حەوتەم:-** ئالوگۆری هێزە ئەمنیەکانی ناو هەرێم لەنێوان پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان تەنها لە رۆژانی (شەممە و چوار شەممە)ی هەموو پانزدە رۆژ جارێک ئەنجام دەدرێت و دەبێت نوسراوی پشتگیری وەزارەتی ناوخۆیان پێ بێت و پێویستە بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست پێ کردنی پرۆسەی ئالوگۆرکردنیان ناوەکان ئاراستەیی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت .

**هەشتەم:-** ئالوگۆری ئەو هێزە ئەمنیانەی کەلە پارێزگاکانی عێراق ئەرک دەبینن و دانیشتووی هەرێمن بەم میکانیزمەی خوارەوە دەبێت :

١- ناردنی لیستی ناوەکان بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست پێکردنی پرۆسەی گۆرینیان .

٢- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ناوەکان رەوانەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات بەمەبەستی رێکخستنی میکانیزمی ئاڵوگۆرکردنیان .

**نۆیەم:-**

١- دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، سەرزێری ، سەیران بەن ، کێلێ ، تەوێلە ، پشتە ، شوشمێ) بە رووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە تەنها بۆ ئالوگۆری بازرگانی کراوە دەبن .

٢- دەروازە سنوورییەکانی ( باشماخ، حاجی ئومەران) کراوە دەبێت بە رووی هاووڵاتی هەرێمی کوردستان کە لە ووڵاتی ئێران گیریان خواردووە و دەیانەوێت بگەرێنەوە .

٣- ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە قوتابین لەزانکۆ و پەیمانگەکانی ئێران ،یان نەخۆشن و پێویستیان بەسەردانی پزیشک هەیە لە ووڵاتی ئێران ، بۆ حالەتەکانی بەیەک گەیاندنی خێزان ، لە رێگای سیستەمی رێگەپێدانی ئەلیکترۆنی دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ گەشت کردن بۆ ئەو ووڵاتە .

٤- هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بەردەوام دەبن لە رێکخستنی ئەو گەشتە نائاساییانەی کە ئێستا بەردەوامن و رێگا دەدرێت بە گەرانەوەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێم کە لە دەرەوەی ووڵات گیریان خواردووە و گەرانەوەی هاووڵاتیانی بیانی بۆ ووڵاتیان بەو گەشتانە بەبێ رەزامەندی پێشوەخت .

٥- هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) ئامادە سازی تەواو دەکەن بۆ ئاسایی کردن و پێشوازی کردنی گەشتە ئاسمانیە نێو دەولەتیەکان تا رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١ .

٦- لیژنەیەک پێک دێت بەسەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەمەبەستی دانانی میکانیزمی پێویست بۆ دەست پێکردنی گەشتە ئاساییەکان لە هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی).

٧- هاتووچۆی هاووڵاتیانی عێراقی و بیانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ووڵاتی تورکیا ئاسایی دەبێت بەپەیرەوکردنی گشت رێنماییە تەندروستیەکان جگە لە هەڵگرانی پاسپۆرتی ئێرانی .

**دەیەم :-** ئالوگۆری بازرگانی بەپێی ئەو رێنماییانەی کە پێشووتر بریاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت و رێگا دەدرێت باری بازرگانی یان سووتەمەنی لە دەروازە سنوورییەکان بێنە هەرێمی کوردستان و بگات بەشوێنی مەبەست بەشوفێری بیانی ، بەمەرجێک لە دەروازەی سنووری لەسەر ئەرکی خۆیان پشکنینی کۆرۆنایان بۆ ئەنجام بدرێت و ئەگەر شوێنی مەبەست پارێزگاکانی عێراق بوو ئەوا رێگەپێدراوە ، بەڵام ئەگەر گەرانەوەی شوفێرەکە بۆ هەرێمی کوردستان لە (٥) پێنج رۆژ تێپەربوو ئەوا دووبارە لە خاڵی پشکنینی نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنایان بۆ دەکرێت لەسەر ئەرکی خۆیان و رێگا نادرێت بێنە ناو هەرێمی کوردستان تا دەرئەنجامی پشکنین دەرنەچێت .

**یانزدەیەم:-** هاتووچۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق رێگەپێدراوە بۆ ئەم حالەتانەی خوارەوە :

١- فەرمانبەران .

٢- چارەسەری نەخۆشی .

٣- بازرگان و ئالوگۆری بازرگانی .

٤- جوتیار و خاوەن کێلگە پەلەوەرییەکان و بەڵێندەران .

٥- ئەو کەسانەی کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن و کارتی نیشتمانی یەکێک لەشارەکانی هەرێمی کوردستان یان مۆڵەتی مانەوەیان هەیە .

٦- پێویستە گشت رێنماییە تەندروستیەکان رەچاوبکرێت لەکاتی رێگەپێدان بەو سوودمەندان لەو بڕگانە (١-٢-٣-٤-٥)ی سەرەوە .

**دوانزەیەم:-** ئەو هاووڵاتیە عێراقی و بیانیانەی کە لە رێگا دەروازە سنوورییە رێگەپێدراوەکان بۆ هاتنی گەشتیاران و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی دەگەرێنەوە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرکی خۆیان پشکنینی کۆرۆنایان بۆ دەکرێت و بەلێننامەی لێ وەردەگیرێت کە لەماڵی خۆی یان لە ژووری هوتێل خۆی کەرەنتین بکات بۆ ئەوە ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی کردووە .

**سیانزدەیەم:-** پرۆژەکانی وەبەرهێنان و کارگەکان کە پێویستیان بە شارەزایی ئێرانی هەیە بۆ بەردەوام بوونی پرۆژەکانیان داواکارییەکانیان بەپشتگیری لایەنی پەیوەندیدار و نوسراوی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ / بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەکرێت بەمەبەستی رێگەپێدان ، و پێویستە لەکاتی هاتنیان گشت رێکارە تەندروستیەکان جێبەجێ بکرێت و لەسەر ئەرکی خۆیان پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنایان بۆ ئەنجام بدرێت و لەشوێنی کارکردنیان لە پرۆژەکان یان لە ژووری هوتێل خۆی کەرەنتین بکات بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی کردووە .

**چواردەیەم:-** بەمەبەستی پشتگیری کردنی جوتیاران و خاوەن کێلگە پەلەوەرییەکان ئاسانکاری تەواو دەکرێت بۆ ناردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پەلەوەری بۆ پارێزگاکانی عێراق .

**پانزدەیەم:-** هۆڵەکانی وەرزش و لەش جوانی مەڵەوانگەکان و هۆڵی بۆنەکان و ئاهەنگەکان بەداخراوی دەمێنەوە ،و پرسە و سەر قەبران رێگەپێدراو نیە و هەر کەسێک سەرپێچی بکات بەبڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار پێبژاردنی لێ وەردەگیرێت .

**شانزدەیەم:-** رێستۆرانت و کافتریبیەکان بەپێی مەرجە تەندروستیەکان بەکراوەیی دەمێننەوە .

**حەڤدەیەم:-** پەیمانگا تایبەتەکان و خولەکانی بەهێزکردن و فێربوونی زمان بەداخراوی دەمێننەوە .

**هەژدەیەم:-** پێویستە هۆکارەکانی گواستنەوە رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ بکەن بەپێچەوانەوە بەبڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک پێبژاردنی لێ وەردەگیرێت .

**نۆزدەیەم:-** نـوێژی جەژنـی قوربـان و نـوێژی هەینـی لە مزگەوتەکـان ئەنجـام نادرێـت ، و فەرزەکـانی تـری نـوێژکردن بەپێـی ڕێنماییەکـانی وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئـایینی و وەزارەتـی تەندروسـتی بەهەماهەنگی لەگەڵ ژووری ئۆپراسیۆنەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجام دەدرێت .

**بیستەم:-**

١- لیـژنەیەک پێکـدێت بەسـەرۆکایەتی نـوێنەری وەزارەتـی نـاوخۆ و ئەنـدامێتی نـوێنەری وەزارەتـی تەندروسـتی و فەرمـانگەی هەمـاهەنگی و بەدواداچـوون لە سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران بەمەبەسـتی سـەردانی کردنـی وەزارەتەکـان و دەسـتە نەبەسـتراوەکان بە وەزارەت بەمەبەسـتی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لەو شـوێنانە و وەرگرتنـی ڕێکـاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچی کاران .

٢-لیـژنەیەک پێکـدێت لە نـوێنەرانی پارێزگـا و ئیـدارە سـەربەخۆکان و تەندروسـتی و پـۆلیس بـۆ ئەو مەبەستانەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**بیست ویەکەم:-** لەبەر ئەوەی نـۆرینگەی یاریـدەدەری پزیشـکی بـوونە یەکێـک لەئەگەرە سـەرەکییەکانی بڵاوبـوونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لە ڕێگـای پێـدانی چارەسـەری هەڵە بەو نەخۆشـانەی کە نیشـانەی کۆرۆنایـان هەیە، پێویسـتە لەسـەر پارێزگـار و سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سـەربەخۆکان لە مـاوەی ٤٨ کـاتژمێر هەڵسـەنگاندنی بـارو دۆخەکە بـکەن سـەبارەت بەو نۆرینگـانەی کە بـوونەتە هۆکـار بـۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت .

**بیست ودووەم :-**

١- دەسەڵات دەدرێت بەپارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بـۆ ڕاگەیانـدنی قەدەغەی هـاتوو چۆی تەواو یان سنوردار بەپێی پێویست .

٢- دەسـەڵات دەدرێـت بە پارێزگـار و سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سـەربەخۆکان بەمەبەسـتی ڕێگەپێـدان بەکردنەوەی ئەو شوێنە خزمەت گوزارییانەی کە پێویسـتن بـۆ هاووڵاتیـان و داخسـتنی ئەو شـوێنانەی کە سەرپێچی دەکەن .

**بیست وسێیەم:-** پێویستە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ڕێکارەکانی خۆپاراستن بـکەن بەتـایبەتی بەکارهێنانی دەمامک و پەیڕەوکردنی مەودای (١،٥) مەتر لە نێوانیان .

**بیست وچوارەم :-** سەرۆکی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان سـەر پشـک دەکـرێن بەمەبەسـتی دەست نیشان کردنی ڕێژەی پێویست بۆ دەوام کردنی فەرمـانبەران و ڕەچـاوکردنی سیسـتەمی نـۆرە (مناوبە) بەشێوەیەک کـارتێکردن نەکـات لە خـاوبوونەوە یـان کەمتەرخەمـی لەو خزمەتگوزارییـانەی کە پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت .

**بیست و پێنجەم:-** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٠٤٧١ لە ٢٠٢٠/٧/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان و وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر – سلێمانی – دهۆک) و نوێنەرانی کۆمپانیاکانی پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٣ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە :

**مەرجە گشتییەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل**

**ماددەی (١):**

١- ئۆتۆمبێل دەبێت بەلایەنی کەم دوو (ئێرباگ)ی لای شوفێر و تەنیشت شوفێر و سیستەمی (ABS)ی هەبێت .

٢- بڕوانامەی (COC) تایبەت بۆ ئۆتۆمبێل کە لە دەروازەیەکی سنووری هاوردە دەکرێن دەبێت بڕوانامەی ئەو کۆمپانیایانەی بۆ بکرێت کە لەو دەروازە سنوورییە کاردەکات و مۆر و پشتراست بکرێتەوە .

٣- ئۆتۆمبێلی جۆری پاص لە (١٤) نەفەر کەمتر دەبێت بەلایەنی کەم دوو (ئێرباگ)ی هەبێت لای شوفێر و تەنیشت شوفێر و لە (١٤) نەفەر بەرەو سەرەوە مەرج نیە (ئێرباگ)ی هەبێت .

٤- ئۆتۆمبێلی کلاسیک دەبێت بەلایەنی کەم (٤٠) ساڵ بەسەر دروست کردنی تێپەڕبوو بێت و دوای تۆمارکردنی هیچ کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت .

٥- هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی خوار مودێل تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری دەبێت و کار بە هیچ نوسراوێک ناکرێت کە بە واژووی وەزیری ناوخۆ نەبێت .

٦- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی قەلغان (درع) تەنها لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە .

٧- ئۆتۆمبێلی کارەبا یان هەجین بە ڕسوماتی (٤) پستون تۆمار دەکرێت .

٨- هەڵە لە مەنەفستی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو یان تۆماری یەکەمین جار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پارێزگاکان چارەسەر دەکرێت .

٩- ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی و بیناسازی ( الزراعیە و الإنشائیە) مەرج نیە ئێرباگی هەبێت .

١٠- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی دوو مۆدێل (کۆن)تر لە مۆدێلی ساڵ ڕێگە پێدراوە تا (١١/١)ی هەموو ساڵێک.

١١- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی ساڵی نویێ لە (٩/١)ی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات .

١٢- گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەسووتەمەنی (بەنزین ، گاز، غاز ، کارەبا) کاردەکەن دەهێنرێنە ژوورەوە بەپێی ڕێنماییەکان .

**ماددەی (٢) :**

١- پێویستە ئۆتۆمبێلی (کیلۆمەتر سفر) بڕوانامەی (COC) لەگەڵدا بێت یان پشکنینی کواڵیتی لە دەروازە سنورییەکان لە لایەن کۆمپانیاکانی پشکنین بۆ بکرێت .

٢- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم تەنیا بە ژمارەی میری تۆمار دەکرێت و ناکرێت خاوەنداریەتی بگوازرێتەوە جگە لەوانەی کە بەپێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ دەفرۆشرێت وە هەر ئۆتۆمبێلێک بهێندرێتە ناوەوەی هەرێم بەپێی یاسای ئاماژە پێکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەکاتی فرۆشتنی .

٣- ئۆتۆمبێل دەبێت لە (١٠٠) کیلۆمەتر زیاتر نەڕۆیشتبێت کاتێک دەگاتە دەروازە سنوورییەکان و بە (کیلۆمەتر سفر) ئەژمار دەکرێت .

## مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی بەکار هاتوو

**ماددەی (٣) :**

١- ئۆتۆمبێلی بەکار هاتوو دەبێت (Clean Title) بێت .

٢- ئۆتۆمبێلی (Clean Title) ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە .

أ- ژێرئاو کەوتوو و سووتاو و بڕاوە نەبێت .

ب- شاصی و بەدەنی لێدراو نەبێت .

ج- توکمەی دەرگا و بان و بەدەنی پێشەوە و پشتەوەی لێدراو نەبێت .

د- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ڕاپۆرتی (CAR FAX) دەستەواژەی (Minor Damage) یان تێدا هاتووە ئەگەر هیچ کام لە خاڵەکانی (أ ، ب ، ج)ی سەرەوەیان نەبێت .

هـ - ئێرباگەکانی کار بکەن .

و- بۆیاغی لەسەر ساغی بۆ جوانی یان شاردنەوەی شوخت و لێدراوی بچووک بەبێ ئەوەی کاتێکردنی کردبێت لەو پارچانەی کە خاڵەکانی (أ ، ب ، ج)ی سەرەوەیان ئاماژەی پێدراوە .

٣- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردە دەکرێن لە وولاتانی ( ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کەنەدا ، مەکسیک) دەبێت (COC) یان هەبێت و (کار فاکس) یان بۆ بکرێت .

٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەو وولاتانەی کە سیستەمی (کار فاکس) پەیڕەو ناکرێت داوای سیستەمی ئەو وولاتە بکرێت کە کاری پێدەکرێت و دواتر لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتی بۆ بکرێت .

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ کاری پۆلیس و تاکسی و کۆمپانیاکان بەکارهاتووە ڕێگایان پێ دەدرێت هاوردە بکرێن بەو مەرجانەی کە لەم بەیانە دیاری کراوە .
٦- بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان پابەندن بە تۆمارکردنی سەرجەم ئۆتۆمبێلە هاوردەکراوەکان بەپێی ئەم بەیانە .
٧- لیژنەی هونەرییەکانی کە بەفەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٣٥٩٥) لە ٢٠١٩/٨/٨ پێک هێنراون پشکنینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەم بەیانە هاتووە دەکەن .
٨- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە نێوان ماوەی داخل بوونیان لە دەروازەی سنووری و تۆمارکردنیان تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن ، بەپشتگیری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند و بەپێی هێلکاری شوێنی ڕووداو (مخطط محل الحادث) کە لەلایەن ئەفسەری هاتووچۆ ئەنجام دەدرێت تۆمار دەکرێن دوای چاککردنەوەیان بەمەرجێک بەپێی مەرجەکانی ئەم بەیانە هاوردەکرابن .
٩- ڕاپۆرتی (CAR FAX) یان هەر ڕاپۆرتێکی تر تایبەت بە ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو وەک ڕێبەرێک (دلیل) بەکاردێت لەلایەن کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی و پێدانی (COC) و ئەگەر لەنێوان ئەو ڕاپۆرتانە و (COC) ئۆتۆمبێل جیاوازی هەبێت ئەوا پشت بە بڕوانامەی (COC) دەبەسترێت .

## ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی (٤) :**

١- بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت لەکاتی ئەنجام دانی پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە دەروازەی سنووری بە هەموو جۆرەکانی .
٢- ئەو بڕە پارەیەی بڕگەی (١) بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٧/أ) وەردەگیرێت وەک داهاتی کۆتایی سەر گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت .
٣- بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت لەکاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەم بەیانە و دەخرێتە سەر حیسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان

**ماددە (٥) :**

**پێبژاردنەکانی سەر پێچی کردن :**

**یەکەم :** ئەگەر کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی پابەند نەبن بەم بڕگانەی لەم بەیانە هاتووە سزای پێبژاردن دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :
١- بۆ جاری یەکەم بڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک .
٢- بۆ جاری دووەم بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنها دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک .
٣- بۆ جاری سێیەم بڕی (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنها سی ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک .

٤- هەر جارێکی دیکە کە دووبارە ببێتەوە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنها بیست ملیۆن دیناری دیکە دەخرێتە سەر دوای سزای پێشووتری کە دراوە بۆهەر ئۆتۆمبێلێک .

٥- ئەو برە پارانە دەخرێتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی وئابووری و بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٧/أ) وەردەگیرێت وەک داهاتی کۆتایی سەر گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت .

**دووەم :**

١- ئەگەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەپێچەوانەی ڕێنماییەکان ئۆتۆمبێل هاوردە بکەن و بیهێننە ناو هەرێمی کوردستان ئەوا پێبژاردنیان پێ دەکرێت بەبڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار .

٢- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێچەوانەی مەرجەکانی ئەم بەیانە هاوردەکراون لەلایەن بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە هەرێم دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەگەرێنەوە بۆ ئەو دەروازەی کە لێی هاوردەکراوە لەسەر ئەرکی کۆمپانیا یان لایەنی هاوردە کار .

**ماددەی (٦) :**

هەر ئەفسەرێک یان کارمەندێکی هاتووچۆ یان پۆلیس یان فەرمانبەری شارستانی کە تایبەتمەندن بە پشکنین و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل کەمتەرخەمی بنوێنێت یان چاوپۆشی بکات لە جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم بەیانە ئەوا بەپێی یاسای سزا دانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و یاسا بەرکارەکان لە هەرێم لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر .

**ماددەی (٧) :**

١- ئەم بەیانە لە رۆژ دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و ئەو ئۆتۆ مبێلانە دەگرێتەوە کە لە دوای ٢٠٢٠/١/١ هاوردەی ناو هەرێم کراون لەرێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان .

٢- کار بەهیچ رێنمایی و بەیانێک ناکرێت دوای دەرچوو ئەم بەیانە .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٠٧٠٠ لە ٢٠٢٠/٨/٣**

**بەیانی ژمارە (٤٦) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤) تایبەت بەرێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لەسەر بڕیاری لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاڵپشت بە نووسراوی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧٤٣٨) لە ٢٠٢٠/٨/٢و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** هەموو شوێنە گشتیەکان وەکو (مارکێت ، رێستۆرانت و شوێنە بازرگانیەکان ) نابێت رێگە بدەن بە چوونە ژوورەوەی هاووڵاتیان بۆ شوێنەکانیان بەبێ بەستنی دەمامک ، بەپێچەوانەوە ئەو شوێنە دادەخرێت بۆ ماوەی (١٠) رۆژ و خاوەنەکەی بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار پێبژاردن دەدات .

**دووەم:-** داخستنی گشت سەنتەر و نۆرینگەکان (پزیشکان، پزیشکانی ددان ، کارمەندانی تەندروستی ، تاقیگەیی) بۆ ماوەی (١٤) رۆژ .

**سێیەم:-** داخستنی شوێنە گەشتیارییەکان و پارکەکان و کافتر و چایخانەکان .

**چوارەم:** بەردەوام بوونی داخستنی هۆڵەکانی وەرزش و لەشجوانی و مەلەوانگەکان و یانەکانی شەوانە .

**پێنجەم:** بەردەوام بوونی قەدەغەکردنی گشت بۆنەکانی (پرسەی ماتەمینی ،ئاهەنگ وبۆنە کۆمەڵایەتیەکان ) .

**شەشەم:-** خواردنگە وچێشتخانەکان بەکراوەیی دەمێننەوە تەنها بۆ مەبەستی فرۆشتن بە دلیڤەری بە رێنمایی توندی تەندروستی .

**حەوتەم:-** ڕاگرتنی هاتووچۆ لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەردەوام دەبێت و هاتووچۆ کردن لە حالەتی زۆر پێویست بەپێی سیستەمی رێگەپێدانی ئەلیکترونی دەبێت .

**هەشتەم:-** هاتووچۆکردنی نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بۆ ماوەی یەک هەفتە بەتەواوی ڕادەگیرێت .

**نۆیەم:-** هاتووچۆی دیپلۆماتکارانی بیانی و هێزی هاوپەیمانان لەنێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان رێگەپێدراوە .

**دەیەم :-** هاتووچۆکردنی ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) ورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان رێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە رادەسپێردرێت بۆ ئاسانکاری و پێدانی رێگە پێدان بۆ هاتووچۆکردنی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .

**یانزدەیەم:-** شوفێری ئۆتۆمبێلەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە (تایبەت ، بارهەڵگر ، کرێ ) لەکاتی هەبوونی سەرنشین لەگەڵیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بەبەستنی دەمامک بەپێچەوانەوە بە بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک شوفێر وەک پێبژاردن دەدات .

**دوانزەیەم:-** پێویستە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت فەرمانبەر و کرێکارەکانی پابەند بکات بە بەستنی دەمامک و جێبەجێ کردنی رێنماییەکانی خۆ پارێزی لەو دامەزراوەیە ، بەپێچەوانەوە بەبڕی (١٥٠٠٠٠) سەد وپەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک خاوەنی ئەو دامەزراوە پێبژاردن دەدرێت .

**سیانزدەیەم:-** هەر گردبـوونەوەیەک لە دەرەوەی شـوێن و باڵەخانەکـانی حکـومی و کەرتـی تـایبەت بەبـێ بەسـتنی دەمامـک و ڕەچـاوکردنی مەودا کە لە (١،٥) مەتـر کەمتـر نەبێـت بـڕی (١٠،٠٠٠) دە هەزار دینـار هەر کەسێک پێبژاردن دەدات.

**چواردەیەم:-** ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و بەڵێننامە پڕ دەکەنەوە کە لە مـاڵەوە یـان لە ژووری هۆتێل خۆیان کەرەنتین بکەن ، ئەگەر پێگیـر نەبـن بەو بەڵێننـامەیە بە بـڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار پێبژاردن دەدەن ، و ئەگەر پشکنینیان پۆزەتیڤ دەرچوو و کەسی تریان تـووش کـرد ئەوا سـەرجەم تێچـووی چارەسـەری ئەو کەسـانە لەسـەر ئەرکـی ئەوان دەبێـت ، زێـدەباری ئەو ڕێکـارە یاسـاییانەی کە بەرامبەریـان دەگیـرێنەبەر بەپێـی هەر دوو مـاددەی (٣٦٨-٣٦٩) لە یاسـای سـزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو .

**پـانزدەیەم:-** دەروازەی سنووری ئیبراهیم خلیل بۆ ماوەی یەک هەفتە بەڕووی گەشـتیاران دادەخرێـت و بـۆ حالەتی زۆر پێویست هاتووچۆکردن تەنها بەڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ دەبێـت ، جـگە لە ئـاڵوگۆڕی بازرگانی کە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشووتر بڕیاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت .

**شانزدەیەم:-** پێویستە لەسەر ژووری ئۆپراسونەکانی پارێزگا و ئیدارە سـەربەخۆکان بـۆ مـاوەی یەک هەفـتە لە ڕۆژی دەرچـوونی ئەم بەیـانە بەدواداچـوون بـۆ جێبەجـێ کردنـی خاڵەکـانی ئەم بەیـانە بـکەن بەتـایبەت پابەنـدبوونی هاووڵاتیـان و خـاوەن کـار و کاسـبکاران بە ڕێنماییەکـانی خۆپاراسـتن وەک بەستنی دەمامک و مەودای نێوان دوو کەس .

**حەڤدەیەم:-** دەسەڵات دەدرێت بەپارێزگـار و سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سـەربەخۆکان بـۆ دەرکردنـی ڕێنمـایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە .

**هەژدەیەم:-** ئەم بەیانە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٤ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو جێبەجێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخـۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١١٠٧٦ لە ٢٠٢٠/٨/١٢**

**بەیانی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە لە یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠٠٩ و ئامـاژە بە بڕیـاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٢٠ تـایبەت بە پێشـنیاریان بە گۆڕینی نـاوی گونـدی کـانی مردوان ، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم :** گۆڕینی ناوی گوندی (کانی مردوان) بۆ ناوی گوندی (کانی مەردان) لە سـنوری نـاحیەی زەڵان / قەزای شاربازێر / پارێزگای سلێمانی .

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخـۆ**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٧**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٠/٧/٢٧**

## قرار رقم (٧) لسنة ٢٠٢٠

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) فقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (٦) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٠/٧/٢٧ الآتي:

**اولاً:** قبول استقالة السيد (سۆران عمر سعيد) من عضوية برلمان كوردستان ـ العراق.
**ثانياً:** ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٠/٧/٢٧ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.ريـواز فـايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رقم: (٤٦٩٠) في ٢٠٢٠/٨/١٦**

استناداً إلى أحكام الفقرة (ثانياً) من المادة (٣٧)، والفقرة (أولاً) من المادة (١٠٥) من قانون الرعاية الاجتماعية رقم (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل، والفقرة (٣) من المادة (الثامنة) من قانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على اقتراح وزارة العمل والشؤون الاجتماعية، قرر مجلس الوزراء بجلسته المرقمة (٢٩) والمنعقدة بتأريخ ٢٣/ ١٠ / ٢٠١٩ إصدار النظام الآتي:

## نظام رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠

## نظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة في إقليم كوردستان-العراق

### الفصل الأول

### التعاريف و الأهداف

**المادة الأولى:التعاريف**

يقصد بالعبارات والمصطلحات الآتية لأغراض هذا النظام المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً: الإقليم:** إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً:الوزارة:** وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الإقليم.

**ثالثاً: المديرية العامة:** المديريةالعامة للرعاية والتنمية الاجتماعية في المحافظات والإدارات المستقلة في الإقليم.

**رابعاً: المديرية:** مديرية الرعاية الاجتماعية في المحافظات والإدارات المستقلة في الإقليم.

**خامساً: شعبة الرعاية البديلة:** الشعبة المختصة بمتابعة الرعاية البديلة والملحقة بالمديريات.

**سادساً: الأسرة البديلة:** الأسرة التي لا ينتمي إليها الطفل بايلوجياً، ولكن يعهد به إليها ليعيش في كنفها لحمايته وتأمين الرعاية البديلة له، (وتتكون من الزوج والزوجة أو المرأة لوحدها سواء كانت مطلقة أم أرملة على أن يكونوا متمتعين بالأهلية القانونية الكاملة).

**سابعاً: الطفل:** كل شخص طبيعي لم يكمل (١٨) الثامنة عشرة من عمره.

**ثامناً: الرعاية البديلة:** تأمين المتطلبات والحاجات الضرورية لتربية الطفل ونمائه في أسرة بديلة عوضاً عن أسرته البايلوجية ولمدة محددة.

**تاسعاً: اتفاق الرعاية البديلة:** الاتفاق الموقع بين مقدمي الطلب والمديرية ويكون محله رعاية الطفل.

**عاشراً: عقد إيداع الطفل:** العقد المبرم بين المديرية والأسرة البديلة حول إيداع الطفل لديها.

**المادة الثانية:**

تهدف الرعاية البديلة إلى توفير أنواع الرعاية المختلفة للأطفال المشمولين بالرعاية الأسرية وتربيتهم تربية سليمة وتعويضهم عما فقدوه من عطف وحنان من خلال تهيئة البيئة المنزلية البديلة لهم.

**المادة الثالثة: أنواع الرعاية البديلة حسب المدة:** تنقسم مدة الرعاية (بقاء الطفل في الأسرة البديلة) إلى مايلي اعتباراً من تأريخ إبرام عقد إيداع الطفل:

**أولاً:** الإيداع الطارئ: ويمتد كحد أقصى إلى (٦) ستة أشهر.

**ثانياً:** الإيداع لمدة قصيرة : ويمتد لأكثر من (٦) ستة أشهر إلى (٣) ثلاث سنوات.

**ثالثاً:** الإيداع لمدة طويلة : ويمتد لأكثر من (٣) ثلاث سنوات ولحين إكمال الطفل الثامنة عشرة من عمره.

**رابعاً:** يجوز للأسرة البديلة الاستمرار في كفالة ورعاية الطفل الذي كان تحت رعايتها حتى بعد إكماله الثامنة عشرة من العمر لحين إنهاء الدراسة الجامعية الأولية أو زواج الأنثى، على أن يتم ذلك باتفاق بين الأسرة البديلة وبين من هو تحت رعايتها على أن توافق المديرية على ذلك.

## الفصل الثاني

## الشروط والضوابط

**المادة الرابعة: الشروط الواجب توفرها لشمول الطفل بالرعاية البديلة:**

**أولاً:** أن يعاني من مشاكل أسرية أو فقد رعاية الوالدين لأي سبب كان أو انعدام أهلية الوالدين أو أي سبب آخر إذا كان من شأنه حرمان الطفل من الرعاية المطلوبة.

**ثانياً:** أن يقل عمره عن (١٨) ثمانية عشرة سنة.

**ثالثاً:** أن يبقى في إحدى دور الدولة الخاصة بالأيتام لمدة تحددها المديرية قبل إلحاقه بأسرة بديلة.

**المادة الخامسة:**

**أولاً:** يشترط في الأسرة البديلة أن تكون:

أ- عراقية و مقيمة في الإقليم.

ب- معروفة بحسن السيرة والسلوك.

ج- أفرادها سالمين من الأمراض المعدية حسب تقرير طبي رسمي صادر من لجنة طبية مختصة معتمدة.

د- قادرة على إعالة الطفل وتأمين خدمات الرعاية البديلة له بحسن نية.

هـ- قادرة على توفير البيت المناسب من الناحية النفسية والصحية والاجتماعية مع كافة المتطلبات.

و- أن يزيد عمر كل من الزوج والزوجة، أو المرأة إذا كانت لوحدها، عن (٢٥) خمسة وعشرين سنة.

**ثانياً:** المستمسكات الواجب تقديمها:

أ- طلب موقع من قبل الزوجين معاً إذا كانا على قيد الحياة أو ممن يحق له تقديم الطلب .

ب- شهادة الجنسية العراقية وبطاقة الأحوال الشخصية وبطاقة المعلومات، أو البطاقة الوطنية.

ج- تقرير طبي صادر من جهة طبية مختصة معتمدة .

د- كتاب تأييد الآسايش.

هـ- شهادة عدم المحكومية.

و- شهادة باجتياز مقدم الطلب دورة خاصة حول كيفية تربية الطفل الملحق إليهم.

## الفصل الثالث

## التشكيلات والمهام

**المادة السادسة:**

**أولاً:** تشكل الوزارة شعبة في كل مديرية من المديريات تسمى بـ (شعبة الرعاية البديلة) **و** تتألف من:

أ- مسؤول الشعبة: يكون موظفاً حاصلاً على شهادة جامعية أولية ذات اختصاص وله خبرة في هذا المجال لا تقل عن (٣) ثلاث سنوات.

ب- باحثين اجتماعيين يحدد عددهم وفقا لمتطلبات العمل و يتم تدريبهم في مجال الرعاية البديلة، كالآتي:

١- أن يختص عدد منهم بالعمل مع الأسر البديلة (مقدمي الرعاية البديلة) على أن لا يتجاوز عدد الأسر عن (١٥) خمس عشرة أسرة لكل باحث.

٢- أن يختص عدد آخر منهم بالعمل مع الأطفال المودعين لدى الأُسر البديلة (المستفيدين) على أن لا يزيد تعاملهم مع أكثر من (١٥) خمسة عشر طفلاً.

٣- يجوز تكليف الباحث الاجتماعي بالتعامل مع عدد من الأسر البديلة و الأطفال المودعين على أن لا يجمع الباحث ذاته بين الأسرة و الطفل الذي ترعاه .

ج- عدد من الموظفين تحدد مؤهلاتهم وشهاداتهم وفق متطلبات وطبيعة العمل وحجمه.

**ثانياً:** تتولى شعبة الرعاية البديلة المهام و الواجبات الآتية:

أ- تسلُم الطلبات وتسجيلها مرفقاً بها كافة المستمسكات المطلوبة ودراستها وتقييمها وكتابة التقرير النهائي بشأنها مع التوصية لرفعها إلى لجنة الرعاية البديلة المشكلة بموجب المادة (السابعة) من هذا النظام .

ب- تقديم المعلومات الخاصة بالرعاية البديلة لمقدمي الطلبات.

ج- القيام بتدريب الأُسر من مقدمي الطلبات على كيفية التعامل مع الأطفال وتربيتهم وتقديم الخدمات الحياتية المختلفة لهم.

د- مسك سجلات وملفات خاصة بالأُسر البديلة والأطفال المشمولين بالنظام والحفاظ على سريتها .

هـ- إجراء زيارات ميدانية للأُسر البديلة والأطفال المودعين لديها والإشراف عليها للوقوف على مدى التزامها بتعهداتها، وتقديم الحلول والمعالجات اللازمة للمشاكل التي تحول دون تأقلم الطفل مع البيئة الجديدة و متابعته باستمرار.

و- القيام بزيارة الطفل في المدرسة والتعاون مع الجهات المعنية برعايته ومتابعته وإرشاده والوقوف على مشاكله وحلها بالتنسيق مع مسؤوليه.

ز- مراجعة خطة الرعاية الخاصة بالأسرة البديلة والطفل.

ح- التواصل مع الأسرة البايلوجية للطفل وتقديم الدعم اللازم لها لتواصلها مع طفلها إذا تطلبت مصلحة الطفل ذلك.

ط- القيام بجمع المعلومات عن مقدمي طلب إلحاق طفل بهم والاتصال بالجهات المعنية والمنظمات المختصة بهذا المجال ووجهاء المنطقة للتأكد من المعلومات المقدمة والوقوف على مؤهلاتهم وإمكانياتهم لتربية الطفل من النواحي كافة .

**المادة السابعة:**

**أولاً:** تتشكل في كل مديرية و بقرار من المديرية العامة لجنة تسمى (لجنة الرعاية البديلة) و تدعى فيما بعد بـ(اللجنة)، للنظر والبت في الطلبات المقدمة والمحالة إليها من شعبة الرعاية البديلة، وتتكون من:

| | |
|---|---|
| أ- مدير الرعاية الاجتماعية | رئيساً |
| ب- مسؤول شعبة الرعاية البديلة | نائباً للرئيس |
| ج- موظف قانوني | عضواً |
| د- ممثل عن المديرية العامة | عضواً |
| هـ- مسؤول الشعبة الصحية في المديرية | عضواً |

**ثانياً:** يكون للجنة سكرتير ينسبه مدير الرعاية الاجتماعية، يقوم بتوحيد المستمسكات والوثائق وتدوين محاضر الاجتماعات ويقوم بإجراء التبليغات وكل الأمور المتعلقة بهذا الشأن.

**ثالثاً:** يحق لِلّجنة الاتصال بمن تراه ضرورياً ومناقشة الأمور مع الأشخاص والجهات الموثوقة.

**رابعاً:**

أ- للجنة صلاحية الموافقة على طلب الأسرة أو رفضه على أن يكون مُسبباً، وإعادة الطلب للشعبة مرفقاً بالتوصيات، ويحدد عمر وجنس الطفل ومدة بقائه لدى الأسرة بالاتفاق مع هذه الأسرة ويجب مراعاة حالة الطفل وعمره عند إيداعه لدى الأسرة البديلة كمراعاة حالة وجود شباب مماثلين أو شابات مماثلات في الجنس ومتقاربين مع عمر الطفل المودع لدى الأسرة البديلة ، وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة.

ب- على اللجنة اتخاذ القرار خلال شهر من تأريخ ورود الطلب إليها، مرفقاً بتقرير التقييم.

ج- في حالة الموافقة على الطلب، يتم توقيع اتفاق بين الأسرة والمديرية بموجب النموذج الخاص المعد لهذا الغرض والمرفق بهذا النظام، ويتحول مقدم الطلب بموجب هذا الاتفاق إلى أسرة بديلة.

د- للأسرة في حالة رفض طلبها، الاعتراض على قرار الرفض وفق أحكام قانون مجلس الشورى لإقليم كوردستان - العراق رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٨ النافذ أو أي قانون آخر يحل محله.

**خامساً:** تعقد اللجنة جلساتها كلما اقتضى الأمر ذلك.

## الفصل الرابع
## الإجراءات

**المادة الثامنة:**

**أولاً:** إجراءات إعداد وتهيئة الأسرة البديلة:

أ- تقديم الطلب من قبل الأسرة.

ب- شرح و توضيح التعليمات الخاصة بالأسرة البديلة لمقدمي الطلب.

ج- تقديم المستمسكات اللازمة لشعبة الرعاية البديلة.

د- جمع المعلومات عن الأسرة.

هـ- تدريب الأُسر وتأهيلها بعد التدقيق والتقييم.

و- رفع الطلب والمستمسكات إلى اللجنة للنظر والبت في المعاملة.

ز- في حالة الموافقة على الطلب، يتم توقيع اتفاق بين الأسرة والمديرية.

**ثانياً:** بعد توقيع الاتفاق بين الأسرة والمديرية، يتم اختيار وتسليم الطفل إلى الأسرة البديلة بموجب نموذج العقد المعد لهذا الغرض والمرفق بهذا النظام، ومن ثم تقوم شعبة الرعاية البديلة بواجباتها وفقاً للمادة (السادسة) من هذا النظام.

**المادة التاسعة:**

على شعبة الرعاية البديلة فتح دورات تدريبية للأُسر البديلة لغرض تأهيلها وتزويدها بالمعلومات الخاصة بكيفية تربية الطفل المودع لديها تربوياً واجتماعياً وصحياً والنواحي الحياتية كافة، وكذلك التواصل مع هذه الأُسر باستمرار لتقديم الإرشاد والمساعدة الفنية لها وحل مشاكلها وتذليل الصعوبات والعراقيل التي تعترضها من خلال الزيارات الميدانية لها.

**المادة العاشرة:**

**أولاً:** تلتزم المديرية العامة بصرف مبلغ شهري قدره ( ٢٠٠٠٠٠ ) مائتي ألف دينار للأسرة البديلة لرعاية الطفل دون السن السادسة من العمر، ومبلغ ( ٣٠٠٠٠٠ ) ثلاثمائة ألف دينار لمن هو فوق ذلك طوال مدة رعايتها له.

**ثانياً:** يودع مقدار (١٠%) من المبالغ المذكورة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة لحساب الطفل في إحدى البنوك الحكومية.

**المادة الحادية عشرة:**

**أولاً:** على الأسرة البديلة استحصال موافقة المديرية في الحالات التي تتطلب إحداث تغييرات في ظروف الطفل المودع لديها كحاجته لإجراء عملية جراحية له أو تغيير مدرسته أو حالة الإقبال على الزواج أو ظروف تخص الأسرة البديلة كتنقل محل سكنها أو سفرها خارج الإقليم.

**ثانياً:** لا يحق للأسرة البديلة تسليم الطفل المودع لديها الى أسرته البايلوجية أو أية أُسرة أخرى إلا بموافقة المديرية.

**ثالثاً:** لا يحق للاسرة البديلة وضع الطفل في الحضانة خلال السنة الأولى من تأريخ تسلمه.

**رابعاً:** على الأسرة البديلة إخبار المديرية وأقرب مركز للشرطة في حالات هروب الطفل أو فقدانه أو وفاته أو أية حالة أخرى تستوجب ذلك.

**المادة الثانية عشرة:**

يحق للمديرية العامة إنهاء عقد الإيداع الموقع مع الأسرة البديلة قبل استكمال مدته في الحالات الآتية:

**أولاً:** إخلال الأسرة البديلة بالشروط والضوابط الخاصة بالرعاية البديلة وعدم الالتزام بتعهداتها الواردة في عقد الإيداع بعد إخطارها وإنذارها لمرة واحدة وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة.

**ثانياً:** تقديم طلب من الأسرة البديلة وإعلان رغبتها في إنهاء عقد الإيداع لأي سبب كان.

**ثالثاً:** تقديم الأسرة البايلوجية للطفل طلباً يتضمن رغبتها برعاية طفلها وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة بعد زوال الأسباب التي أدت الى إيداع الطفل في دور الدولة بما يحقق مصلحة الطفل الفضلى.

## الفصل الخامس
## أحكام ختامية

**المادة الثالثة عشرة:**

تستمر الوزارة في رعاية الأطفال والصغار والأحداث الذين يعانون من التفكك الأسري أو من فقدانهم أحد الوالدين أو كليهما، وتوفير أجواء سليمة لهم للتعويض عن الحنان العائلي الذي افتقدوه. ولهذا الغرض، تستمر الوزارة بإدارة الدور الحكومية في أنحاء الإقليم وتوفير جميع مستلزماتها والعدد الكافي من الموظفين والعمال حسب أحكام الباب (الثالث) من قانون الرعاية الاجتماعية رقم (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل.

**المادة الرابعة عشرة:**

**أولاً:** لا يعمل بأي تشريع فرعي يتعارض وأحكام هذا النظام.

**ثانياً:** لوزير العمل والشؤون الاجتماعية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا النظام.

**ثالثاً:** ينفذ هذا النظام من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسرور بارزاني**
**رئيس مجلس الوزراء**

**الملحق رقم (١)**

## اتفاق الرعاية البديلة

اتفاق بين مديرية الرعاية الاجتماعية والمرشح للأسرة البديلة:
استناداً إلى أحكام قانون الرعاية الاجتماعية رقم (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل، ونظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة في إقليم كوردستان-العراق رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠، تم الاتفاق على ما يأتي:

**الطرف الأول: مديرية الرعاية الاجتماعية.............................**
**الطرف الثاني: المرشح للأسرة البديلة.................................**
بعد اتمام الإجراءات الخاصة بتهيئة الأسرة البديلة وتقديم المستمسكات الضرورية واجتياز الدورة الخاصة من قبل الطرف الثاني تمت الموافقة على ترشيح هذه الأسرة لتصبح أسرة بديلة.
وبموجب هذا الاتفاق فإنه:

١. يتوجب الإلتزام التام بأحكام قانون الرعاية الاجتماعية رقم (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل، ونظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة في إقليم كوردستان-العراق رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠ والتعليمات الصادرة بموجبه.
٢. يلتزم الطرف الأول بإيداع طفل لدى الطرف الثاني عند توفر الطفل الملائم.
٣. يلتزم الطرف الثاني بإخبار الطرف الأول عند حدوث أية تغيرات اقتصادية أو اجتماعية أو نفسية أو فقدها لأي من الشروط الضرورية لكي تعد أسرة بديلة أو بزوال رغبتها بتسلم الطفل ورعايته.
٤. يلتزم الطرف الثاني بالمشاركة في الدورات التي يقيمها الطرف الأول لمواءمة الطفل مع الأسرة.

| | |
|---|---|
| **الطرف الثاني** | **الطرف الأول** |
| ..................... | **مديرية الرعاية الاجتماعية** |

**الملحق رقم (٢)**

**عقد إيداع طفل لدى أسرة بديلة**

استناداً إلى أحكام قانون الرعاية الاجتماعية رقم (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل، ونظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة في إقليم كوردستان-العراق رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠، تم الإتفاق على ما يأتي:

**الطرف الأول: مديرية الرعاية الاجتماعية ...............................................................**

**الطرف الثاني: أسرة السيد ................................. و زوجته ........................................**

رقم الأسرة البديلة لدى شعبة الرعاية البديلة (       ).

اتفق الطرفان على النقاط الواردة أدناه لإيداع الطفل وإعالته بالكود (     ) التولد (       ) الجنس (       ) لدى الأسرة البديلة أعلاه.

**أولاً:** يوافق الطرف الأول على إيداع الطفل المذكور لدى الطرف الثاني بعد تصديق لجنة الرعاية البديلة لغرض رعايته وإعالته وفق نظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة في إقليم كوردستان-العراق رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠.

**ثانياً:** يلتزم الطرف الثاني بإعالة و رعاية الطفل المودع لديه والاهتمام الكامل به ( حسب قدرته) من حيث الحماية ورعاية النواحي الاجتماعية والصحية والنفسية له والابتعاد عن تعريضه لكافة أشكال العنف واستخدام الإعانة الموفرة لهم من قبل الطرف الأول لمصلحة الطفل.

**ثالثاً:** يقوم الطرف الثاني وبالتنسيق مع الطرف الأول بتنفيذ (خطة الإعالة) للطفل ومتابعتها من حيث الزيارات الميدانية للأسر البديلة والأطفال، والإشراف ومعالجة المشاكل والمتابعة المستمرة من قبل الباحثين الاجتماعيين للطفل المودع.

**رابعاً:**يلتزم الطرف الثاني بإبلاغ الطرف الأول عن حدوث أية تغيرات( اجتماعية أو اقتصادية أو نفسية،..الخ).

**خامساً:** يلتزم الطرف الثاني بالسماح للأسرة البايلوجية بالتواصل مع طفلها بموافقة الطرف الأول بما يحقق المصلحة الفضلى للطفل.

**سادساً:** انقضاء العقد: ينقضي العقد في الحالات الآتية:

١. قيام الطرف الأول بفسخ العقد عند إخلال الطرف الثاني بأحد بنود هذا العقد وذلك بعد إخطاره لمرة واحدة.

٢. في حالة فقدان أحد الشروط الواجب توافرها في الطرف الثاني .

٣. في حالة تقديم الأسرة البايلوجية طلباً لإعادة احتضان طفلها، بعد القيام بالإجراءات المطلوبة وموافقة الطرف الأول.

٤. في حالة تقديم الطرف الثاني طلباً لإنهاء العقد لأي سبب كان بعد موافقة الطرف الأول.

**سابعاً:** يجوز تمديد مدة العقد بعد انتهائه لمدة أخرى بطلب من الطرف الثاني وبموافقة الطرف الأول.

**ثامناً:** مدة إيداع الطفل المذكور لدى الأسرة البديلة (      ) تبدأ بتأريخ (        ) وتنتهي بتأريخ (        ).

**تاسعاً:** تتوجب مراعاة المصلحة الفضلى للطفل في جميع الإجراءات المنصوص عليها في هذا العقد.

**عاشراً:** تم توقيع هذا العقد من قبل الطرفين بتأريخ (                              ).

| | |
|---|---|
| **الطرف الثاني** | **الطرف الأول** |
| **الأسرة البديلة** | **مديرية الرعاية الاجتماعية** |